# شەللاتی و پێشمەرگەی دێرین !!



**فەرهاد مەلا حەسەن***

* نامەوێ بەجیاوازیەك لەنێوان ئەو دوو مرۆڤەی سەرەوەدا وێكچونێك دروست بكەم و بڵێم، لەنێوان شەللاتی و پێشمەرگەی دێریندا هیچ جیاوازییەك بەدی ناكەم. بەڵكو لەرێگەیەوە دەمەوێ دیاردەیەك باسبكەم كە بەهۆیەوە لەناو و ناوبانگی پێشمەرگە (ئەوانەی بەڕاستی شەونخونیان كردووە..) ی كەمكردۆتەوە.

خۆ هەریەك لە (شەللاتی) و (پێشمەرگە) مرۆڤن، بەڵام دوو مرۆڤی جیاواز..، رەنگە ئەوەی یەكەمیان پێی دەكرێ، بۆ دووەمیان زۆر ئاستەم بێ و، ئەوەی دووەمیشیان دەتوانێ بیكات، یەكەمیان پەی پێنەبات..، ئەمە جیاوازی نێوان مرۆڤەكانی كۆمەڵگایە، بەڵام تێكەڵكردنی پێناسەكانیان نەك ئاستەمە، بگرە كارەساتێكە بۆ خۆی!!

* سەردەمی دوای راپەڕین زۆر حاڵەتی سەیرو سەمەرەی پیشاندایین..، جاش كرایە باش، مردوویەكی ئاسایی كرایە شەهیدی سەنگەر، كولیچەفرۆشێك كرایە رۆژنامەنووسێكی بازرگان، كەسێكی بەردەم تیاترۆخانەكانی وولاتی سویدیش كرایە وەزیر و..، كەواتە ئاساییە شەللاتیەكیش بكرێتە پێشمەرگەیەكی دێرین و ..هتد..!

* كاتێك كەسێكی (شەللاتی- شەقاوە)ی بریندراری سەردەمی قادسیە، كەهەموو تەمەنی لەسەرجادەو مەیخواردنەوەو منداڵبازی و قومارو قەرز و تەنانەت دزیكردنیش بردبێتە سەر و، ئێستاش شەقامەكانی تەیراوەو سێتاقان و گەرەكی عارەبان بەهەمان ترسی ساڵانی هەشتاكان تەماشای بكەن، چۆن و بە چ جورئەتێك ئەمرۆكە بە پشتگیرییەكی هاكەزایی دەكرێتە پێشمەرگەیەكی بریندراری سەردەمی شاخ و دێرین، مانگانەش مووچە وەردەگرێ!!

كاتێكیش پێشمەرگەیەكی دێرین هەموو تەمەنی خۆی لەبرسێتی و چەكداری و شەونخوونی و ترس و دڵەڕاكێ و بەرەنگاربوونەوە مقاوەمەت و بریندراری بردبێتە سەرو، ئێستاش زۆربەی زۆری گوندو دێهاتەكانی كوردستان بەشەرم و شانازییەوە تەماشای بكەن، چۆن و بە چ جورئەتێك ئەمرۆكە بەهەمان پشتگیری، پێناسەكەی دەدرێتە كەسێكی جیاواز لەخۆی و تەنانەت نامۆ بە كۆمەڵگاو، مووچەش وەك ئەو وەردەگرێ!!

* مەبەستم نیە دژی ژیانی خەڵك بم و مووچەیان پێ رەوا نەبینم، بەڵكو مەبەستمە لەو دیاردەیەڕا، ئاماژەیەك بدەمە حكومەت و حزبی كوردی، كە كاتی ئەوە هاتووە (تصنیف) ی مرۆڤی كوردی لەهەموو رووەكانی ژیان بكرێ و، بەگوێرەی تایبەتمەندیەكان یەكسانییەك بدرێتە مرۆڤ، بەو پێیەی مرۆڤەكانی كۆمەڵگا جیاوازییان لەرەگەزو هەست و هەڵسوكەوتدا هەیە، بۆیە ناكرێ هەموویان یەكسان بكرێن و پێناسەكانیان تێكەڵ بكرێن و وەكو یەكیش ژیانیان مسۆگەر و دابین بكرێت.

* پێشمەرگە شتێکەو ، شەللاتیش شتێکی تر، هەریەکەو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام مرۆڤن..کاتێکیش ناسنامەیان دەگۆردرێت غەدر لەمێژوو دەکرێت، بەتایبەتیش ئەو غەدرەی کە بەرپرسێکی میزاجی بە تاکە پشتگیرییەکی هاکەزایی لە مێژووی دەکات.

هەرچەندە واقیعەکە دیارو لەبەرچاوە، بەڵام من دڵنیام ئەو بەرپرسانەی کارێکی وا دەکەن نایانەوێ بزانن کە لەنێوان گوڵ و خاکەناسدا چ جیاوازییەك هەیە..!!

* سەرنووسەری هەفتەنامەی (شەقام)